# کەمانچەیەک لە شنرویێی هەڵەبجەوە

لە ساڵی (1970) دا و لەو کاتەوەی کەمانچەیەکی بە (10)دینار کڕی و بە بێ ماموستا فێری کەمانچە ژەنین بوو، ئیدی لەوکاتەوە تا ئێستا لە هونەری گۆرانی و مۆسیقادا بەردەوامە.
هونەرمەند (ئازاد ساڵح) لێپرسراوی تیپی مۆسیقای شنروێ، هونەرمەندێکی خۆشەویست و ناسراوە. ژەنینی هەمیشەیی کەمانچەکەی بە تەنها سۆزی میلۆدییەکی پڕ لە هەناسەیە بۆ هونەرمەند و هەرلێرەوەش چەندین ئاوازی داناوە و چەندین کاری دیکەی ئەنجام داوە. لە 1989/5/20یشدا لە مهاباد لە فستیڤاڵی (جەشنوارەی هونەری کوردی) کە تایبەت بووە بە شاری هەڵەبجەی شەهید لەگەڵ هونەرمەند فەیزی نەژادی دا بەشداری کردووە.
هونەرمەند لە ناسینێکی کورددتا

- ساڵی 1955 لە هەڵەبجەی شەهید لە دایکبووە و لەدوای کیمیابارانەکەوە لە شاری سلێمانی دادەنیشێ.
- ساڵی 1978 لە زانکۆی بەغدا کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری خوێندووە.
- دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای شنروێ یە لە ساڵی 1973دا .

دوالاپەڕەش لە دیدارێکدا بەم شێوەیە هونەرمەند دواند:

- گەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 1970 و سەرەتای کارکردنت لە گەڵ مۆسیقادا، ئایا چیرۆکی دانانی ئەم ئاوازەت چۆن بوو؟

_چیرۆکی دانانی یەکەم ئاوازم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شمشاڵ ژەنە میللییەی کە ناوی (مینەی لولک ژەن) بوو، کە بە سوود وەرگرتن لە میلۆدییەکی ئەو یەکەم ئاوازم بە ناوی (هیوای ژیان) دانا، کە شیعری (لەتیف شیخ عارف) بوو لە رۆژنامەی ژین دا بڵاکرابووەوە. ئەم ئاوازەش بۆ کۆرس بوو لە ئاهەنگێک لە دواناوەندی هەڵەبجەی کچان و لە رۆژی (1974/2/18)دا پێشکەشمان کرد .

- ئەو کات چ بنەمایەکتان پەیڕەو دەکرد بۆ کار کردن لە مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا چ وەک خۆت و چ وەک تیپی شنروێ؟

_هەر لەو کاتەوەی دەستم بە مۆسیقا کرد: گۆرانییەکانی ناو شاری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور ئیلهامی کارکردن و کەرەستەی خامی من بوون، ئەمانەش لە کارەکانی من و تیپی شنروێ دا رەنگی دایەوە. کە ئەوانەش هەمووی فۆلکلۆر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری نوێمان ئەنجام داوە. ئەو کاتەش هەڵەبجە پێشکەوتوو بوو، هەروەها کچانیش بەشداریان لە گۆرانی و سروودەکاندا دەکرد.

- کەواتە کام گۆرانی فۆلکلۆر یا مۆسیقا... خۆشەویست بوو لە لات و کاریگەری لەسەر هەبووە و تا ئێستا لە یادەوەریتا ماوەتەوە؟

_کۆمەڵێکی زۆر گۆرانی و دەنگی رەسەن خۆشەویست بوون و هەتا ئێستاش لەلام رەنگ ئەداتەوە، لەوانە دەنگی ئەو کەمانچەیەی کە ماموستا (محەمەد حەمە سەعید) کە ماموستای خوێندین سەرەتاییم بوو، لە پۆلدا مۆسیقای سروودە نیشتمانییەکانی دەژەنی تا ئێستا لە مێشکمدا دەنگ ئەداتەوە، هەروەها دەنگی شمشاڵەکەی مینە ئێستاش سەدایەکی ئەفسوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی ماموستایەکی رۆحی من بووە لە دوورەوە. هەروەها ڤایەلۆنەکەی مشتەبای میرزادە کە مۆسیقای بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەک دەژەنی تا ئێستا کاریگەرە لام .

- وەک لێپرسراوی تیپی شنروێ کام قۆناغ، دەتوانین بە قۆناغی سەرکەوتوویی ئەو تیپە دانێین؟

_دوای راپەڕین، هەرچەندە زۆر لە ئەندامەکان چوون بۆ هەندەران، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی کزی و وەستانی کارەکانمان، بەڵکو بە شێوەیەکی بەگوڕتر و چالاکانەتر کارەکانمان ئەنجام دەدا و بەردەوامیشین، گەرچی ژیان بۆ هونەرمەند وبگرە کەسانی دیکەش قورسە، بەڵام بۆ هونەرمەند ئاڵۆز و قورسترە، دوای راپەڕین سەردەم و قۆناغێکی چالاکی ئێمە بوو، هەر لێرەوەش سوپاس و خۆشەویستی من و تیپی شنروێ بۆ ئەندامە خۆشەویستەکانی تیپ لە هەندەران کاک هۆشیار حەمە فەرەجی گۆرانیبێژ و هاوڕێکانی دیکە .

*ئێوە وەک تیپی شنروێ لە چ کێشەیەکدا دەژین؟

_کێشە زۆرە، ژیانیش لەولاوە ناهێڵێ بەرهەمی شایستە پێشکەش بکەت، کاتێکیش کار دەکەیت ناتوانی دەنگی خۆت لەو چوار چێوەیەی کێشراوە بۆت تێبپەڕێنی، ئەمانە و چەندی دیکە.

*نوێترین بەرهەمتان چییە؟

_وەک کاری خۆم کۆڕاڵێکم بۆ یادی هونەرمەند (حەمەی ماملێ) ئامادە کرووە، بەڵام تۆمارنەکراوە، وە ک تیپیش دوو گۆرانیمان بۆ هونەرمەندان (سابیر کوردستانی) و (نیان عەبدوڵڵا) تۆمار کردووە و ئامادەیە بۆ وێنە گرتن .

ئازاد ساڵح